به ناوی کوردستانی گەورە!

# تێهەڵکێشی هۆنراوەی (لەبەندیخانە)ی مامۆستا قانع

جێی سەرنجی هۆرەی دژ بە دار !

(هۆنەر: ح.س.سۆران )
soran909@hotmail.com

کوردەواری شەمعی جەمعە و شاعیرش پەروانەیە
سووتنی پەروانە رێگەی عاشقی جانانەیە
کارەساتی مەردی هەردە، نەک بڵێی ئەفسانەیە
ئاخرین ماڵی ژیانم، کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە ، مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە

نوێژی من زیکری وڵاتە ، رۆژ شەو تەگبیر ئەکەم
پیتی رزگاری بە کوردی راڤە و تەفسیر ئەکەم
باسی خەڵکی گیری کۆت و بەندی و یەخسیر ئەکەم
زۆر دەمێکە چاوەروانی زرزرەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرە کەن ، وەک زیوەری شاهانەیە

داری ئازادی بە هێزی یەکیەتی خەملیو ئەبێ
هەرچلێ پەیوەست نەبێ و دەرووەست نەبێ با هەرنەبێ
ئەو دەمە گەل بێغەمە ، کە هۆزی دڵسۆزی هەبێ
بووکی ئازادیم ئەوێ، خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێ
عەڵقە عەلەی پێوەنەم بۆ پلپلە و لەرزانەیە

گەر بە ژیری تێبکۆشم ، رۆژێ حەتمەن زاڵ ئەبم
خاوەنی لیژنە و تەلار و کۆر و کۆز و ماڵ ئەبم
سەرفەرازی زێد و خزم و هاوەڵ و هاوماڵ ئەبم
گەر چی دوژمن وائەزانێ من بە دیلی لاڵ ئەبم
با بزانێ کونجی زیندانم قوتابیخانەیە

پیاوی زانا تا بگیرێ ، ژیر و لێزانتر ئەبێ
هەستی سەربەستی و مەبەست گەشتر و جوانتر ئەبێ
کاری سەر کەوتن لە ئاسۆ سووک و ئاسانتر ئەبێ
بیری ئازادیم لە زیندانا ، فراوانتر ئەبێ
قورِ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە

وەسیەتێکە بۆ تەواوی قەومی کوردی بەشخوراو
هەر بخوێنن ، بیر بچێنن ، پیر و گەنج وکیژ و لاو
سەنعەت و زانست گرنگە ، با فڕێدەین چاوو ڕاو
ئەسڵەحەی شۆڕش ، لە دەسما هێزی زانینە و پەڕاو
راپەڕینت خوێندنە ، پڕ جوربوزەی کوردانەیە

گرتنی رێبازی مەنتیق پیشەیی شەددادیە
حەبسی عەقڵ و بیر و باوەڕ مەزهەری بێدادیە
گەرچی بێدادی بە زاهیر خۆرەیی دڵشادیە
گرتن و لێدان و کوشتن عامیلی ئازادیە
تۆپ و شەستیر و کەلەبچەم لا وەکو ئەفسانەیە

هەستی شاعیر بێ محابا ،یەکبەخۆ هاوار ئەکا
دەمکوتی فەوتانی ماف و کردەوەی نابار ئەکا
بەرهەڵستی زوڵم و زۆر و زاڵمی بەدکار ئەکا
چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ رزگار ئەکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە ، کردەوەی شێرانەیە

خاوەنی دنیایە خاکم ، بووم و ئەبم و هەر هەشم
چەرخی مێژو هەڵئەواسم ، تا بەدەست دێنم کەشم
واریسی شاری خەباتم، هەر ئەسێنم ئەز بەشم
گەر بە ئازادی نەژیم، مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەری و سەردانەواندن، کاری نامەردانەیە

با بزانن چی ئەڵێم و خەڵکی کوێم و ئێستە چیم
کوردم و ئەکتۆری مێژووی کۆنترین شانۆی زەویم
شاعیرێکی گەلپەرەست, عامیلی بێگانە نیم
قانعم ئێستا لە زیندانا بە ئازادی ئەژیم
سەد هەزار لەعنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە